# ئێمە لە کوێی ساڵی 2009دا بووین ؟

زوبێر رەسوڵ

کات هەمیشە پێوەرێکی گرەنگە بۆ پێوانەکردنی کارو دەسکەوتەکانی مرۆڤ، بەتایبەت لەئێستادا کە شۆڕشێکی خێرای پێشبڕکێکردنی داهێنان‌و تەکنۆلۆژیاو کورتکردنەوەی قۆناغە مێژوویەکان لە ئارادایە، بەجۆرێك ئاکتیڤترین نەتەوە، ئەو نەتەوەیەیە کەبتوانێت لە کەمترین ماوەدا زیاترین دەسکەوت بەدیبێنێت، ئێمەی کورد هەمیشە ئەتەکێت‌و فەلسەفەی مامەلەکردنمان لەگەڵ کاتدا پێوەندییێکی باش نەبووە، کات لەفەرهەنگی ئێمەدا رەگەزێکی پیرۆز نەبووە، پڕۆژەو بەرنامەی کارەکانمان بەدەگمەن خراونەتە چوارچێوەی پێوەری کاتەوە، دەکرێت بلێین کات لەخەیاڵدانی کولتوری ئێمەدا ئەوەندەی پێوەرێك بووە بۆ مانەوەمان لەسەر ئەو دۆخەی ئێستاو بەرز راگرتنی رابردوو، ئەوەندە ستراتیژێك پێوەريك دووربینمان نەبووە بۆ پلان دانانی ئاییندەو گۆڕینی دۆخی ئێستامان، ئینجا ئەمە چی لەبواری سیاسەت دابێت یاخود لەبوارە ئابوری‌و کۆمەلایەتیەکان، ئێمە لەگەڵ کاتدا خاوەن پێوەرو لۆجیکێکین کە لەئەدەبیاتە کولتوریەکانماندا بەبەردەوامی کاوێژی دەکەینەوە، ئەوەیش ئەو پێوەرەیە کە دەڵێت " ساڵ بەساڵ خۆزگە بەپار" ئەم پەندە یاخود هاوکێشەیە بۆ مامەڵکردن لەگەڵ کات بەدڵنیاییەوە دەربڕی کۆمەلێك ئاماژەو دیدی ئێمەیە بۆ مامەلەکردن لەگەل مانەوەو ژیاندا، یاخود لەگەڵ کۆی کایەکانی تری کۆمەلگاش کە دەکەونە ئەو پەراوێزەوە، بەو واتایەی ئێمە نەتەوەییێك بووینە نەك کات لەبەرژەوەندیمان دانەبووە بەڵکو کات دژمان بووە ئەمەش وایکردووە لەخەیالدانی نەتەوەی ئێمەدا هەمیشە فرمێسك‌و سۆز بۆ رابردووی دوێنێ‌و ساڵی پار هەلکێشین‌و لەتێپەربوونی زەمەن‌و گۆڕانەکانی رۆژگار بترسین، یاخود ووردتر بلێین ئێمە پێمان وابێت ئێمە نەتەوەی دوێنێین نەك هی ئەمڕۆو ئاییندە، بۆیە هەمیشە پرۆژەییێکیشمان نەبووە بۆ ئاییندە، ئەو ئاییندەیەی ئێستا وەك بەشێکی زانستی‌و ئەکادیمی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لە ناوەندەکانی توێژینەوەی جیهانیدا، بەناوی دیراساتی ئاییندەناسی –Futurology ، بۆیە پێمباش بوو لەم نوسینەماندا پیوەندیەکانی خۆمان بەکاتەوە بخەمە ژێر پرسیارەوە لەم سالەی کە لەماوەییێکی کەمدا رەوانەی پێچ‌و پەناکانی مێژووی دەکەین بێئەوەی کەمترین کاریگەری‌و جێپەنجەمان بەسەریەوە جێهێشتبێت. ئەگەر سەیرێکی خێرای پانۆرامای ساڵی 2009 بکەین دەبینین چەند دۆسیەو ئەرکێکی گرنگمان بەکراوەی‌و بەناتەواوی جێهێشتووە کەپێویستە لە ساڵی ئاییندەدا پلانی ستراتیژی‌و تایبەتمان هەبێت لەبارەیەوە بۆیە پێمباشە ئەم دۆسیە کراوانە دابەش بکەم بەسەر سێ بوارو دۆسێی سەرەکی:

**دۆسێی ناوەخۆ/** ئەمە ئەو بوارەیە کە هەمیشە خاڵی دەسپێکی هەنگاوەکانمان دەبێت بۆ مەمەلەکردن لەگەڵ دوو دۆسیەکەی تر، واتا سەنگی ئێمە بە ئیدارەدان‌و مامەلکردنێکی دروست‌و سەردەمیانە دەبێت لەگەڵ ئەو چوارچێوە سیاسی‌و یاسایەی کە پەرلەمان‌و حکومەتە، دیارە ئەم دوو دامەزراوە سەرەکیەش بوونیان تەنیا لەفۆرمێکی شەکلی‌و رووکەشدا نابێت، بەڵکو ئەرکی ئەو دوو دامەزراوەیە بەرهەمهێنانی یاساو فراوانکردنی چوارچێوەی ئازادیە گشتیەکان‌و دابەشکردنی بەهاکانی دەسەلاّتە بۆ کۆمەڵگا، جەوهەری ئەو بوارەمان بەندە بە دیموکراتیزەکردنی دامەزراوە سیاسیەکانمان‌و بەهێزی دادگاو دادوەرە گشتیەکانمان‌و شەفافیەتی بەرپرسە سیاسیەکانمان‌و کەمکردنەوەی گەندەڵی لەناو دەزگا ئیداریەکانمان و کارکردن بۆ هێنانەدی دادی کۆمەلایەتی کەمکردنەوەی ئاستی هەژاری هاولاتیانمان، بۆیە لەکۆتایی ئەم سالەدا دەبێت لەخۆمان بپرسین ئایا رەخساندنی دەرفەتی کار بۆ چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێمە لەچ ئاستێکدا بووە، ئایا ئاستی زانکۆو دەرچوانمان لەبازاری کاردا تاچەند کریاری

هەبووە، ئەمەو چەندان پرسی تر کە بەکەڵکەبووی ماونەتەوە، لەم ساڵەدا خاڵێکی ئەرێنیو جوانیش هەیە ناکرێت بەسەریا تێپەرین ئەویش دەرچوونی دەسەڵاتی کوردیە لە تاقیکردنەوەییێکی گەورە کە بریتیە لە قبوڵکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی جیاواز لە دوو فۆرمە حزبەکەی پێشوو کە ئێستا لەپەرلەماندا ئامادەییان هەیە، گرنگە ئەو هەنگاوەی لەدایك بوونی ئۆپۆزسیۆن نەزۆك نەکەینو وەك هەندێك کەس لەئێستاوە فاڵگرتنەوەی بۆ ئەنجام دەدەن، چونکە جەماوەر بەوردی چاودێریان دەکات،چونکە ئەوە بازاری سیاسەتو هۆشیاری تاکی ئێمەیە دەبێت بریار بدات لەسەر کارو چالأکیەکانیان، ئەم هەلوێستە بۆ حکومەتیش دروستە بەو مانایەی لە ماوەییێکی کەمدا ناتوانین ئەم حکومتە بەحکومەتێکی شکستخواردوو ناو بەرین، ئەمە جگە لەوەی کارەساتە ئەگەر خەڵکانێك هەبن کار بۆ شکستپێهێنانی ئەم حکومەتە بکەن چونکە ئەوە مۆرالێکی ئۆپۆزسیۆنانە نیە وەك ئەوەی کێبرکییێکی سیاسیانەی دروستیش نیە. لەلایەکی ترەوە قەبارەی بارودۆخی ناوەکیمان هەمیشە بەندە دیموکراتیزەکردنو کرانەوەی دەسەلأتەکەمان بەسەر هاولاتیاندا، کە بۆ دواجار پتەوکردنی متمانەی نێوان خەڵكو حکومەتی لێدەکەوێتەوە، ئەم تەوەرەو چەندان تەوەری تری ناوەخۆ هەیە کە تا ئێستا نەمان توانیووە لەم ساڵەدە ماڤ خویانی پێبدەین بۆیە دەبێت بەرنامەرێژییان بۆ بکەینو بیانخەینە پلانی سیاسەتە گشتیەکانی حکومەت لەساڵی ئاییندەدا.

**دۆسێی پێوەندیەکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا**، ئەمەش بوارێکی گرنگی ئاکتیڤبوونی سیاسی ئێمە دیاریدەکات لەسالی 2009دا بەو واتایەی ئایا تاچەند توانیومانە لەماوەی ئەو ساڵەدا ئامانجو ئەرکە نەتەوەییەکانمانو داواکارییە جەماوەرییەکانمان رووبەروی حکومەتی بەغدا بکەینەوەو ئەکتەریکی متمانە پێکراوی ئەو خەڵکانەبین کە ئێمەیان کردە نوێنەری خۆیان لە بەغدادا، جێیخۆیەتی لە خۆمان بپرسین ئایا ساڵی 2009 ساڵی سەرکەوتنەکانمان بوو لەگەل حکومەتی بەغدادا؟ ئەم دۆسێیە لەگەڵ ئەوەی کارکدنێکی زۆری دەوێت بەلأم بەدڵنیایەوە دەڵێم بەرهەمی ئەو ساڵەمان لەگەل بەغدادا جۆریك بوو لە نائومێدی سیاسی، چونکە لەئێستادا چەند کێشەییێکمان بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، هەر لە پرسی پێشمەرگەو پرسی نەوتو گازو بودجەوە بگرە تا دەگاتە قەیرانە سەرەکیەکی جێبەجێکردنی برگە دستوریەکانی مادەی 140، ئەم پرسانە هەموویان بەکراوەی هەڵواساوی ماونەتەوەو عەقلێکی دیبلۆماسیانەو بوێرانەیان گەرەکە بۆ جێبەجێکردن، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئێمە پلانو ستراتیژیەتێکیشمان دانەناوە بۆ ئەوەی بتوانین لەساڵی تازەدا بەرو جێبەجێکردنیان بەرین، ئەمە لەساتێکایە کە ئێمە لەوانەیە لە ئایندەدا کۆمەلێك چانسی دەستوریو تەوافقیمان نەمێنێت، دیارترین شەری پەرلەمانی کە لەبەغدادا ئەنجامان دابیت لەو ساڵەدا بریتیە لە بریاردان لە یاسای هەلبژاردنەکان، کە بەڕای تێکڕای دەسەلأتو رای گشتیش، ئێمە تیایدا ئەکتەرێکی سەرکەوتوو نەبووین، جا بۆ ئەوەی دیسان بەلۆژیکی ساڵ بەساڵ خۆزگە بەپار کار نەکەین گرەنگە هەوڵەکانمان لە پلانێکی ستراتیژیدا بۆ ساڵی ئاییندە دابرێژیینو بە پرۆگرامو روئیای خۆمانەوە کار لە سەر جێبەجێکردنی ئەو دۆسیە کراوانە بکەین، ئەگینا جەماوەرێك هەیە چاودێریمان دەکاتو رووبەرووی لیپرسینەوەشمان دەکاتەوە، ئەو پێوەرە دەبێت لەساڵی ئاییندەدا ئاکتیڤ بکرێت، ئەمە جگە لەوەی سەرکەوتنەکانمان لە یەکلاکردنەوەی ئەو دۆسیانەدا مانای پتەوکردنی متمانەی گەلی خۆمانە بە دەسلاتو تواناکانی ئێمە، بە پێچەوانەوەش ئەکتەریکی دۆڕاوو بێمتمانەی گەلەکەمان دەبین.

**دۆسێی هەرێمیو دەرەکیەکان**،دیارە ئەو هەرێمەی خۆمان سەرەرای ئەو پێگە یاساییەی کە بەدەولەتی عێراقی دەبەستێتەوە بەلأم لەهەمان کاتدا بێمەترسیو پلانی سیاسیش نەبووە، چونکە تا ئێستاش بەشێکی زۆری ولاتە هەرێمیەکان ئەگەرچی وەك دیفاکتۆ مامەلەی لەگەڵ دەکەن، بەلأم لە پلانو تاکتیكو ستراتیژیەتی خۆیان لە دیدگاییێکی ترەوە سەیری ئەو هەرێمەمان دەکەن، تا ئێستاش خالە سنوریەکانمان لەلایەن ئێرانو تورکیا دەبەزێنرێن، لەوانەیە تاماوەییێکی درێژیش ئەم دەستریژیکردنانە هەربمێنن، چونکە پاساوەکانیان بەکراوەی ماونەتەوە، لێرەدا دیسان پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا ئێمە تا چەند توانیومانە سیاسیانەو پڕاگماتیانە مامەڵە

لەگەڵ ئەو دوو کێشەیەدا بکەین، بەو مانایەی ئایا توانیومانە ئەو کێشەیەی ئێران هەیەتی لەگەڵ پارتە ئۆپۆزسیۆنە کوردیەکان‌و ئەو کێشەیەی تورکیا هەیەتی لەگەڵ پەکەکە، وەك کارتێکی سیاسی مامەلەی لەگەڵ بکەین کە ئەم دوو وڵاتە وەك لایەنێکی سەرەکی پێیان وابێت کە ئێمە دەتوانین رەگەزێك بین بۆ چارەسەرکردن، نەك ئاکتەرێکی بێکەڵك لەم نێوەندەدا. ئایا لە کێشەی داخستنی دەتەپەدا ئێمە توانیمان بە تورکیا بڵێین لەوانەیە ئێمە بتوانین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین ئەگەر ئێوەش لەبەرامبەردا پالپشتیمان بکەن لەجێبەجێکردنی مادەی 140 دا، جگە لەو هاش‌و هوشەی لەراگەیاندنەکانی خۆمان بینیمان، بەناوی کرانەوەی دیموکراسی‌و هەنگاوی مێژووی ناومان دەبرد وەك بلێی ئێمە بلندگۆی سیاسەتەکانی تورکیان، ئەو عەقلیەتە سیاسیە روکەشە هەمیشە بەمانای زەلیلکردن‌و بێبەهاکردنی خۆمان دەشکێتەوە. لەرووی پێوەندیە نێو دەولەتیەکانیشدا لەگەڵ ولاتانی ئەوروپاو ئەمریکادا دیسان گرنگە تێیان بگەیەنین کەعێراقی دوای 2003 بەبێ کورد هەرگیز عێراقێکی دیموکراسی‌و ئارام نابێت، دواتر گرنگە پەیامێك ئاراستەی یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکاش بکەین کە ئێمە دەتوانین ئەزمونێکی دیموکراسی پێشکەش بکەین لەرۆژهەلاتی ناویندا ئەگەر یارمەتیمان بدەن، چونکە ئێمە هاوکێشەیەکمان هەیە لە پێوەندیە سیاسیەکاندا ئەوەیش ئەوەیە "رژێمە دیموکراسیەکان داکۆکی لە یەکتر دەکەن"، ئەوەتا کۆسۆڤۆ چۆن کۆمەڵگای نێو دەولەتی پشتیوانیان لێکرد، ئەوەتا تەیموری رۆژهەلات، ئەوەتا مونتینیگرۆ، ئەوەتا تایوان کە هەمیشە رۆژئاوا پالپشتی لەسەربەخۆبوونی دەکەن، هەرچەندە ولاتێکی زلهێزی وەك چینیش دژیەتی، یاخود هەرێمی کیوبیکی کەنەدی کە هەرکاتێك جاری سەربەخۆی بکات کۆمەلگای نێودەڵەتی پالپشتی لێدەکان، تەنیا لەبەر هۆیێك، ئەویش ئەوەیە کە ئەو هەرێمانە دەتوانن ئەزمونێکی دیموکراسی پێشکەش بکەن‌و کێشە نانێنەوە بۆ ئاسایشی نێودەولەتی، بۆیە گرنگە ئەزمونێکی دیموکراسی‌و پێشکەش بکەین بۆ سەرنجراکێشانی رای گشتی جیهانی، وانەکین راپۆرتی نێودەوڵەتی‌و میدیا جیهانیەکان بە گەلێکی نا بەرپرسیارو توندوتیژ سەیرمان بکەن، چونکە ئێمە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە پلانی دووەمان واتا ئەگەر پلانی یەکەمان سەرینەگرت لەگەڵ عێراقدا لەئێستادا بیر لە ئامادەکاریەکانی پلانی دووەم بکەینەوە کە جاردانی سەربەخۆییە، ئەمە ئەگەر پلانێکی درێژ خایەن‌و پڕ مەترسیش بێت لە ئێستادا بەلام ناکرێت فرێیدەینە دەرەوە لە ستراتیژیەتی سیاسی نەتەوەی خۆمان، ئەمەش ئامادەکاری ناوخۆی دەرەکی پێویستە، کارکردنێکی وردو سیاسیانەشی دەوێت، بێگومان ئەوەش لەرێگای بەستنەوەی ئەو هەرێمەمان دەبێت بە بەرژەوەندیە سیاسی‌و ئابوریەکانی جیهان‌و بەکارهێنانی سامانە سروشتی‌و مرۆیەکانمان‌و بەستنەوەیان بەسەرمایەداری جیهانی، چونکە لە ئێستادا ئەوە بەرژەوەندیە ئابوریەکانن دیدگا سیاسیەکان ئاراستە دەکەن. لەئەنجامدا دەتوانین بلێین کە دەبێت بۆ ساڵی تازە بە هەگبەو عەقلیەتێکی سیاسی بێینە ناو هاوکێشە سیاسیەکان‌و پرۆگرام‌و ستراتیژییەتی تایبەتی خۆمان هەبێت بە دوربینی روئیاکانمان نەك ئەکترێکی بەرسڤکار بین، واتا پێشبینی رووداوەکان ناکەین تا ئەو کاتەی روو دەدەن لەو کاتەشدا وەك پەرچەکردارێکی عاتفیانە لەبەرامبەریدا قیتدەبینەوە بەبێ بوونی ستراتیژو پرۆگرامێکی پێشوەخت، هیوادارم ساڵی تازەمان ساڵی بەهێزکردنی سوبجێکتی سیاسیمان بێت، سالێك بێت هەست بەبەرپرسیاریتی بکەین لەبەردەم ویستی خەڵکداو، دوربین لە لۆجیکی "ساڵ بەساڵ خۆزگە بەپار".

[* ماموٚستا لە زانکۆی سەلاحەدین]